هاوسەرەکی پەیەدە لە شاری قامشلۆ لە بەردوومانی تورکیا بە سەر بەنداوی تەشرین گیانی لەدەستدا

کەمێک پێش ئێستا، مەنیجە حەیدەر هاوسەرەکی نووسینگەی پەیەدە لە شاری قامشلۆ لە بەردوومانی تورکیا بە سەر بەنداوی تەشرین گیانی لەدەستدا.

ئەمڕۆ شەممە لەئەنجامی هێرش و بەردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە سەر بەنداوی تەشرین لە ڕۆژئاوای کوردستان، مەنیجە حەیدەر هاوسەرەکی نووسینگەی پارتی یەکێتیی دیموکراتی ڕۆژئاوای کوردستان-پەیەدە لە شاری قامشلۆ لە بەردوومانی تورکیا بە سەر بەنداوی تەشرین گیانی لەدەستدا.

ئەمەش هاوکاتە کە ئەمڕۆ شەممە چەندین هاوڵاتی مەدەنی لە ناوچەی بەنداوی تەشرین و دەوروبەری بەهۆی هێرش و بەردوومانی چڕی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا گیانیان لەدەستدا، لەوانە ژن و مێردێک کە لەدوای خۆیان منداڵێکی یەک ساڵانیان جێهێشت و چەندین هاوڵاتی مەدەنی تر.